# ڕۆڵی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن لە ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان

## توێژینەوەیەکی شیکارییە تایبەت بە هەڵمەتە میدیاییەکان

چیا یاسین محمد امین، یۆهان عوسمان حمە حسێن

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** توێژینەوەی: ڕۆڵی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیەندن لە ڕووبەڕوبونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان — توێژینەوەیەکی شیکارییە لەسەر هەڵمەتە میدیاییەکان، ئەم توێژینەوەیە شیکاریکردنی ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری بەشێوەی گشتگیر(حصر شامل) لە سێ سەرچاوەوە وەرگرتوە ئەوانیش، "ڤیدیۆکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڤیدیۆکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادەی هۆشبەر، ڤیدیۆکانی ڕێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان".. کە ڕۆڵی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن دەخاتەڕوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر. ئەم ڤیدیۆیانە هەوڵیان داوە لەڕێگەی هەڵمەتە میدیاییەکانەوە، هۆشیاری بڵاوبکەنەوە و مرۆڤ بەئاگا بێننەوە لە ڕێگەی پەیامی هۆشیارکەرەوە لەسەر ئاکامە نەرێنیەکانی ماددەی هۆشبەر لەناو کۆمەڵگەدا. توێژینەوەکە میتۆدی شیکاری بەکارهێناوە وەک شیکاری بۆ ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان و ئەرکی هەڵمەتی هۆشیاری، شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و چۆنیەتی گەیاندنی پەیامی هۆشیاری، دەرئەنجامی توێژینەوەکە گەیشتە ئەوەی کە هەڵمەتی هۆشیاری لە ڕێگەی میدیاوە دەکرێت کاریگەر بێت، بە تایبەتی کاتێک پەیامەکان بەڕوونی پەخش دەکرێت، هێمایەکی چالاکیان هەیە و بە شێوەی لێتێگەیشتن دەکەونە بەرچاوی جەماوەر، هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەنێوان دەزگا حکومیەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و میدیاکان تا هاوکاری زیاتر پێشکەش بکرێت بۆ گەیاندنی پەیامی هۆشیاری گشتی بەشێوەی فراوانتر، ڕاسپاردەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا پێشنیار دەکەن کە هەڵمەتە میدیاییەکان پەیامی ڕوونیان هەبێت، بەردەوام بن لە بەرهەمهێنانی ڤیدیۆی نوێ و هەبوونی هەماهەنگی لە نێوان میدیا و حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگا و پەروەردەییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، وەک دەزگاکانی ئاسایش و وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە داڕشتنی ستراتیژی هۆشیارکردنەوەی درێژخایەن.

**کلیلە ووشەکان-** ڕۆڵ، هەڵمەتی هۆشیاری، بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەر.

## پێشەکی:

بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لە مەترسیدارترین دیاردە کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان کە مەترسی لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگاکان دروست دەکات، بەهۆی کاریگەرییە وێرانکەرەکانی لەسەر تاک و خێزان، زیادبوونی بەرچاوی چالاکییەکانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان پێویستی بە چالاککردنی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی میدیا وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ بنیاتنانی هۆشیاری و داڕشتنی ڕای گشتی، ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ ڕۆڵی میدیا و هەڵمەتەکانی هۆشیاری لە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی شیکاری ناوەڕۆکی ڤیدیۆکانی هەڵمەتەکانی هۆشیاری بەدەست دێت، ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی کاریگەری ئەم هەڵمەتانەیە لە بەرەوپێشبردنی هۆشیاری کۆمەڵگا، دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی گوتاری میدیایی و لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ کەمکردنەوەی تێوەگلان مادده هۆشبەرەکان. بنەما زانستیەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لەم بەشانە: میتۆدۆلۆژی: لەم بەشەدا باس لە جۆری میتۆدۆلۆژیای بەکارهێنراو (وەسفەیی-شیکاری) دەکات، سامپڵی توێژینەوە و ئامرازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڤیدیۆکانی هۆشیاری دەکات، لە بەشی تیۆری: خستنەڕووی چەمکەکانی پەیوەست بە هۆشیاری لە ڕێگەی میدیاوە، تیۆرییەکانی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و مۆدێلەکانی کاریگەریی میدیایی لەخۆدەگرێت، ئەمە جگە لە تیشک خستنە سەر پەیوەندی نێوان هەڵمەتەکانی میدیا و ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان. لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە: ئەمەش شیکاری چۆنایەتی کۆمەڵێک ڤیدیۆی هۆشیاری لەخۆدەگرێت، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی پەیامەکانیان، ئەرکی ڤیدیۆکان و شێوازی خستنەڕوویان و کاریگەریان لەسەر بینەر، و سەرکەوتنیان لە گەیاندنی پەیامی ڕوون سەبارەت بە

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp151-159

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 5 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 23 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 2 آب 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: yohan.hama@univsul.edu.iq, chiayassen@hotmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2026 چیا یاسین محمد امین، یۆهان عوسمان حمە حسێن. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

مەترسییەکانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، لە گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەری هەڵمەتە میدیاییەکان دەخاتە ڕوو. لە ڕاسپاردەدا پێشنیار پێشکەش دەکرێت بۆ پەرەپێدانی گوتاری میدیایی و زیادکردنی کاریگەری هەڵمەتەکانی دژی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی پێشکەشکردنی دیدێکی زانستی و بابەتیانە کە بەشداربێت لە تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی میدیا لە کەمکردنەوەی تێوەگلان بە مادده هۆشبەرەکان بە پاڵپشتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

**میتۆدنامەی توێژینەوە**

1.**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕووی کاریگەریی هەڵمەتە میدیاییەکانە بە شیکاری ڤیدیۆی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ کەمکردنەوەی تێوەگلان بە ماددەی هۆشبەر. لە هەرێمی کوردستان، زانیاری و توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم بابەتە کەمە هەروەها ناڕوونی و نا ڕۆشنی هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی هەڵمەتە هۆشیارییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی ماددەی هۆشبەر، بۆیە کێشەی توێژینەوەکە خۆی لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە کە بریتیە لە: (ئایا هەڵمەتەکانی هۆشیاری ڕاگەیاندن دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لە ڕووبەڕووبونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستاندا؟)، توێژەر لە ئەنجامی ئەو پرسیارە سەرەکیەوە دەگاتە چەند پرسیارێکی لاوەکی:

أ.ئایا ئەو ئەرکانە چین کە جێبەجێ دەبن لەکاتی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندندا سەبارەت بە تاوانی بازرگانی ماددەی هۆشبەر کوردستاندا؟

ب.ئایا ئەو شێوازانە چین کە لە ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندندا خراونەتەڕوو سەبارەت بە تاوانی بازرگانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستاندا؟

**2. ئامانجەکانی توێژینەوە: توێژینەوەی زانستی ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە کێشەیەك یان دیاردەیەك لەناو کۆمەڵگەدا، ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە:**

أ.شیکردنەوەی گرنگترین ئەو ئەرکانەی کە جێبەجێ دەبن لەکاتی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن سەبارەت بە تاوانی بازرگانی ماددەی هۆشبەر.

ب.خستنەڕووی گرنگترین ئەو شێوازانەی کە لە ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندندا خراونەتەڕوو سەبارەت بە تاوانی بازرگانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستاندا.

**3. گرنگی توێژینەوە: گرنگی هەر توێژینەوەیەک، لەم ڕووانەوەیە:**

أ.لەڕووی زانستیەوە/ یەکێکە لەو توێژینەوە نوێیانەی کە بەزمانی کوردی نوسراوە لەسەر هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستاندا، کە هۆکارە بۆ دەوڵەمەندبوونی کتێبخانە و ناوەندە ئەکادیمییەکان.

ب.لەڕووی پراکتیکیەوە: ئەم توێژینەوەیە پشت ئەبەستیت بەوەی کە لە ئەنجامی توێژینەوە شیکارییەکە دەرکەوتوە.

ت.لەڕووی مرۆییەوە: ئەم توێژینەوەیە شیکاری بۆ ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن کردوە، کە لایەنی حکومی و ئاسایش و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بڵاویان کردۆتەوە، ئەم خاڵە لەڕووی مرۆییەوە گرنگە بۆ توێژینەوەکە.

4.**جۆر و میتۆد:** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی چەندێتی.

5.**کۆمەڵگەو سامپڵ:** بریتییە لە ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن سەبارەت بە تێوەگلان بە مادەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان کە (فەرمانگەی میدیا و زانیاری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان) بڵاویان کردۆتەوە بەشێوەی گەماڕۆدانی گشتگیر (حصر الشامل) کە بریتین لە ڤیدیۆیانەی لە ساڵی ٢٠٢٠ تا کۆتایی ٢٠٢٤بڵاوکراونەتەوە.

6.**ئامرازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهێنراوە: توێژەر لە ئامادەکردنی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆك یەکە و دەستەی شیکاری بەکارهاتووە، یەکەی بابەتی و یەکەی کات، دەستەش لەسەر بنەمای، چی ووتراوە و چۆن ووتراوە؟ پەیڕەو کردوە، بۆ شیکاریکردنی ڤیدیۆکان لە هەرسێ سەرچاوەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، هەروەها ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، لەم توێژینەوەیەدا هەر یەکێك لە دەستەکانی ڕواڵەت و ناوەڕۆك ڕەنگدانەوەی لە ئامرازەکەدا هەیە.

**7. ڕاستی و جێگیری توێژینەوە:**

-ڕاستی ڕواڵەتی: بریتیە لە تاقیکردنەوە یان پێوانەکردنی ورد بۆ ڕاستی کە بەندە بە شێوازی وەرگرتنی سامپڵ بۆ نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەو ڕۆشنی پۆلێنی دەستەکان، ئەم توێژینەوەیە پەنای بردوە بۆ ڕاستی ڕواڵەتی کە زۆرجار لە توێژینەوەکانی شیکاری ناوەڕۆک بەکاردێت، کە بریتیە لە پیشاندانی فۆڕمی شیکاری بە کۆمەڵێک هەڵسەنگێنەر لە پسپۆڕی بوارەکانی پەیوەست بە میدیا و کۆمەڵناسی و یاسا و ئابووری و بنەمای ئاینی و پەروەردەیی و پزیشکی و دەروونی، بە مەبەستی بەئاگا بوون لەڕاستی و دروستی فۆڕمی شیکاری ڤیدیۆکان دوای تەواو کردنی فۆڕمەکە و پێناسەکردنی یەکەکان،فۆڕمە شیکارییەکە ئاڕاستەی کۆمەڵێک پسپۆڕ کرا

**8. سنوری توێژینەوە:**

أ.سنوری بابەتی: سنوری بابەتی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ڕاگەیاندن سەبارەت بە تێوەگلان بە ماددەی هۆشبەر، کە ئەنجامدراوە لەلایەن: فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان.

ب.سنوری جوگرافی: هەڵمەتەکانی هۆشیاری کە لەو سێ سەرچاوەیە (فەرمانگەی میدیا و زانیاری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان) وەرگیراوە و پێگەکانی خۆیان لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان پەخشیان کراوە .

ت.سنوری کات: ماوەی ئەنجامدانی شیکاریی لە (2024-01-01) تا (2024-09-31).

**9. دیاریکردنی چەمکەکان:**

أ.**ڕۆڵ:** مەبەست لە ڕۆڵ لەم توێژینەوەیەدا ئەو ڕۆڵەیە کە ڕەنگە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ بیگێڕن لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی بازرگانی مادەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان.

ب.**هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن**: ئەو پارچە ڤیدیۆیانەیە کە لەلایەن فەرمانگەی میدیاو زانیاری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و ڕێکخراوی

منداڵپارێزی کوردستان ئامادە کراون، کە پەیوەندیدار و تایبەتن بە ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر.

ت.**بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر:** ئەو کەس و گروپانەن کە بەشێوازێکی ڕێکخراو یان نارێکخراو بە شێوەیەك لە شێوەکان هەڵدەستن بە بازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکان لە هێنان و هەناردەکردن و فرۆشتن بەشێوەی نایاسایی.

ث.**هەرێمی کوردستان:** ئەو هەرێمە جوگرافیە دەستوریە ناسراوەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی عێراق، کە پێکهاتوە لەهەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە و لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا بە فەرمی ناسێنراوە.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا توێژینەوە لەسەر بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی نەبوو بۆیە توێژەر تەنها بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی توێژینەوەی دەستکەوتووە، سەرەتا، لە زمانی عەرەبیەوە دەستی پێکردووە، لە دوای زمان بەپێی ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە نزیکترین ساڵەوە بۆ دوورتر خراوەتە ڕوو، دواتر زمانی ئینگلیزی و ئەوانیش بە پێی ساڵی ئەنجامدانی یەکلەدوای یەک دانراون

**توێژینەوەی یەکەم:** توێژینەوەی (کاظم، ٢٠٢٤)

ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیە عێراقەکان لە کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگادا): ئامانجی توێژینەوە: ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیە عێراقیەکان دەستنیشان بکات، لەسنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگادا، ئامرازی توێژینەوە: پرسیار نامە، سامپڵ: خوێندکارانی دواناوەندی و زانکۆ، میتۆد: شێوازی شیکاری وەسفی، ئەنجامی توێژینەوە: لاوازی یاسا دژی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان، پێویستە پاڵپشتی هێزە ئەمنییەکان و چاودێری جەماوەری بکرێت بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ بکرێت کە کۆمەڵگا بەرەو وێرانبوون دەبات، میدیاکان بەتایبەت کەناڵە ئاسمانیەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لە کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و چارەسەرکردنی هەژاری و کێشە خێزانیەکانە، چونکە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هاندەرە بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر هەژاری و خێزانی هەڵوەشاوەیە.

**توێژینەوەی دووەم:** توێژینەوەی (عبیس، ٢٠٢٢)

توێژینەوەی:(ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لە مەترسییەکانی): ئامانجی توێژینەوە: زانینی ڕۆڵی میدیایە لە بەرەو پێشخستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە لە ناو گەنجاندا. وبەرپرسیارێتی میدیا لە ڕێگەی پرۆسەی هۆشیاریەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان هاوئاهەنگ بن لەگەڵ ناوەرۆکی دابونەریتەکان، ئامرازی توێژینەوە: پرسیار نامە، سامپڵ: خوێندکارانی ئامادەیی و زانکۆ، میتۆد: میتۆدی وەسفی، ئەنجام توێژینەوە:مادده هۆشبەرەکان مەترسییەکی گەورەن لەسەر کۆمەڵگا و ئاسایشی نەتەوەیی، مەترسیە بۆ سەر تەندروستی تاکەکان و گەنجان کە کوشندەترە لە جەنگی نێوان وڵاتان. هەڕەشەیە بۆ سەر کۆمەڵگەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، ڕووبەڕووبونەوەی ماددەی هۆشبەر هەوڵی هاوبەشی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە، بە پشتیوانی و هاوکاری ئەو وڵاتانەی کە پارە و دەسەڵاتیان هەیە.

**توێژینەوەی سێیەم:** توێژینەوەی (Yurtayeva, Hladkova , & Shcherb, 2018)، ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕۆڵی ماس میدیا یان میدیای جەماوەری لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی پەیوەندیدار بەمادده هۆشبەرەکان): ئامانجی توێژینەوە: لێکۆڵینەوەیەکە لە هاوکاری نێوان پۆلیس و میدیای گشتی لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان، ئامرازی توێژینەوە: ئامرازی چاوپێکەوتن، سامپڵی توێژینەوە: ئەفسەرانی یەکەکانی دژە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، میتۆدی توێژینەوە: ڕووپێووی وەسفی، ئەنجامی توێژینەوە:بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەزیادبووندایە، بەتایبەتی لەنێو منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی بەهۆی تێوەگلانی فرۆشیاری بچوک و گوێزەرەوە و بەکارهێنەر لەمنداڵان و گەنجان، میدیای گشتی ڕۆڵی هەیە لە داڕشتنی تێڕوانینی جەماوەر بۆ پرسی ماددەی هۆشبەر، (ماس میدیا) هاوکار و هاوبەشێکی باشە بۆ دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا لە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەو بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، کە بۆ بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر کەسانی خانەنشین، بێکار، ژنان، نەوجەوانان و تەنانەت منداڵانیش بەکاردەهێنرێن، لە ناوەندی خوێندن، وکافتریا و شوێنی کات بەسەربردنی گەنجان، منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی و گەنجان. ناچاردەکرێن مادده هۆشبەرەکان بەکاربهێنن، بۆیە سنووری تەمەن بۆ ئالوودەبوون بە مادده کەمیکردووە بۆ تەمەنی ٨-١٢ ساڵ، زیادبوونی مێینە (کچان و ژنان)ی تێوەگلاو بە مادده هۆشبەرەکان، میدیای گشتی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هۆشیاری گشتی هەیە، هاوکاری هەمەئاهەنگی هەیە لە نێوان دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا و میدیای گشتی.

## تاووتوێی توێژینەوەکانی پێشوو

سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی زانیاری و بەرچاوڕوونی لە بابەتەکە بەشێوەیەکی زانستی، هەروەها توێژینەوەکانی پێشوو دیاری دەکەن کە پەیامی هۆشیاری و هەڵمەتە میدیایی کاریگەرن، بە تایبەتی بۆ گەنجان و خێزان. ئەم توێژینەوانە توانایان هەیە پشتگیری بەرنامەی حکومەتی و کۆمەڵگە بکەن بۆ کەمکردنەوەی بازرگانیکردنی مادە هۆشبەر، دەکرێ هەڵمەتە هۆشیاریەکان کارامەبن و دیزاینی پەیامەکان کاریگەربن. بەو شێوەیەی ڕووبەڕووبوونی بازرگانیکردنی مادە هۆشبەر بە شێوەیەکی زانستی ڕەچاو بکرێت، هەڵمەتە میدیاییەکان و جۆری ڤیدیۆ و شێوازی پەیامەکان کاریگەری هەیە لەسەر تێگەیشتن و هەست و هەڵسوکەوتی بینەر، هەڵمەتە هۆشیارییەکان، بەتایبەتی لە میدیا و سۆشیاڵ میدیا، کارێکی گرنگە بۆ زیادکردنی ئەهۆشیاری خەڵک لەسەر زیانەکانی مادە هۆشبەر.

## تیۆری توێژینەوە:

### تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

کاریگەری تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

دیفلێر و ڕۆکیچ کاریگەرییەکانی پشتبەستن بە میدیا بۆ سێ پۆلی سەرەکی دیاری دەکەن (تربان و أبو شنب، ٢٠٠٨، صفحة ٤) :

1 .کاریگەرییە مەعریفیەکان:لابردنی ناڕوونی کە لە ئەنجامی کەمی زانیاری یان دژبەیەکەوە دروست دەبێت، داڕشتنی هەڵوێستەکان، سیستەمی بیروباوەڕ و بەهێزکردنی بەهاکان.

2 .کاریگەرییە سۆزدارییەکان: لایەنە سۆزدارییەکانی وەکو بێباکی یان بێباکی سۆزداری، زیادبوونی ترس و دڵەڕاوکێ و بەرزبوونەوەی هەستکردن بە نامۆبوون.

3 .کاریگەرییە ڕەفتارییەکان:ئەم کاریگەریانە سنووردار دەبن بە دوو ڕەفتاری بنەڕەتی: چالاکبوون، کە ئاماژەیە بۆ دەستپێکردنی ڕەفتارێک لەلایەن تاکەوە لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە میدیاکان، هەروەها بەرهەمی کۆتایی بەستنەوەی کاریگەرییە مەعریفی و

سۆزدارییەکانە. هەڵسوکەوتی دووەم بریتییە لە ناچالاکی، کە لە ڕەفتارەکانی وەک خۆبەدوورگرتن لە بەشداری سیاسی و دەنگدان و بەشدارینەکردن لە چالاکییەکانی کۆمەڵگادا ڕەنگ دەداتەوە.

**ئامانج لە پشتبەستن بە میدیا بریتییە لە** :(Baran & Davis, 2010, p. 22)

یەکەم/تێگەیشتن: ئاماژەیە بۆ خۆناسین لە ڕێگەی فێربوون و بەدەستهێنانی ئەزموونەکانەوە.

دووەم/ئاراستەکردن: ئەمەش خۆئاراستەکردن دەگرێتەوە، وەک بڕیاردانی گونجاو و بەشداری سیاسی، و ڕێنمایی کارلێککارانە وەک چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە سەختەکان و نوێکان.

سێیەم/کات بەسەربردن: کات بەسەربردنی تاکەکەسی دەگرێتەوە، وەک چوونە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێیان سەیرکردنی تەلەفزیۆن ...هتد.

وابەستەیی میدیا لەسەر دوو پایەی سەرەکی دامەزراوە (مكاوي و السيد، ٢٠٠٣، الصفحات ٢٣٧-٢٣٨) ، ئەوانیش:

یەکەم/ئامانجەکان: بۆ ئەوەی بە ئامانجە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بگەن، پێویستە پشت بەو سەرچاوانە ببەستن کە لەلایەن تاک، گروپ، دیکەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

دووەم/-سەرچاوەکان: تاک و ڕێکخراوەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەدوای سەرچاوەی جۆراوجۆردا دەگەڕێن، میدیا سێ جۆر سەرچاوەی زانیاری کۆنترۆڵ دەکات: کۆکردنەوەی زانیاری، هەماهەنگی و پاڵاوتنی زانیاری بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمێکی گونجاو، پاشان بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی بەسەر ئامادەبووانێکی دیارینەکراودا.

**هۆکاری دانانی تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەم توێژینەوەیەدا**

دوای پێداچوونەوە بە تیۆری وابەستەیی میدیا، توێژەر پێیوابوو تیۆری پشت بەستن بە میدیا ڕێبازێکی تیۆری گونجاوە بۆ ئەم توێژینەوەیە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١.تیۆری وابەستەیی یارمەتیدەرە بۆ پشکنینی ڕادەی پشتبەستنی جەماوەر بە هەڵمەتە میدیاییەکان لە ڕاگەیاندن، کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی جەماوەر بە بەرنامە میدیاییەکان دروست دەبن.

٢.تیۆری وابەستەیی کاریگەرییە مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتارییەکان ڕوون دەکاتەوە بەو هەڵمەتە میدیاییانەی کە لەلایەن ڕاگەیاندنەوە پێشکەش دەکرێن (حبيش، ربيع، و عبدالله، ابريل ٢٠١٩، صفحة ٨٧).

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## ڕۆڵی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن:

لە کاتی دانانی پێناسەیەك بۆ چەمکی ڕۆڵ یان زاراوەی ڕۆڵ، سەختی ئەم زاراوەیە بە ئاشکرا دەردەکەوێت، بەو پێیەی بە یەکێك لە زاراوە ناڕوونەکان دادەنرێت چونکە لە زۆر ڕووی وەک سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەتوانرێت زیاتر لە مانایەك و پێناسەیەکی بۆ بکرێت بە پێی بارودۆخ و جۆراوجۆری بابەتەکان .

ڕۆڵ، الدور ،Role، لە ڕووی زمانەوانییەوە: واتە هاوەڵێکی باش، ئاسوودەیی شوێنی نیشتەجێبوون. وە کۆکردنەوە، هەروەها بازنەی دەوری مانگ، یان (بازنەی دەوری) کات، یان لەگەڵ مرۆڤەکاندا بە دۆخێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت (الرازي، ١٩٨٣، صفحة ٢١٥). وشەی (ڕۆڵ) بریتییە لە چالاکی و جموجۆڵ لە ژینگەیەکی دیاریکراودا یان کاتێکی دیاریکراودا، بە واتای بازنەکردن بە دەوری شتێکدا، هەروەها دەوترێت کە بە دەوریدا دەسوڕێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە دەستپێیکردووە (مصطفى و و آخرون، ١٩٧٢، صفحة ٦٩٩).

الدور ،Role، ڕۆڵ، وەك چەمك: لێکدانەوەی هەمەجۆری هەیە: ڕۆڵ، :Role ئەو فرمان یان ئیشەیە، کە هۆکارێك لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەیکەن بۆ جەماوەر، لەبوارێکی دیاریکراودا، وەك: فێرکردن، هەواڵ، ڕێنمایی، ئاراستەکاری (عەبدول، ٢٠٠٦، صفحة ٥٦٦). ڕۆڵ: مەبەست لەو کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییە کە ڕاگەیاندن دروستی دەکات لەسەر هەر پرۆسەیەک (محمد و نصرالدين، ٢٠٢١). ڕۆڵ لایەنی دینامیکی پێگەی تاکێکە، ئاماژەیە بۆ مۆدێلی ڕەفتاری ئەو تاکە کە پێگەکەی پێویستی پێیەتی. سنووری ڕۆڵەکە ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە لە ژێر ڕۆشنایی ئاستەکانی ڕەفتار لە کولتوری باودا لەلایەن گروپەکەوە قبوڵ دەکرێن، بەگشتی تاک لە ناو ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە سەر بە خۆیەتی، زیاتر لە ڕۆڵێکی هەیە (عبدالعزيز، ٢٠٠٥، صفحة ١٦٢).

Campaignهەڵمەت: هەڵمەت وەک زاراوە: لە زمانی عەرەبیدا لە ووشەی (حملة)ەوە هاتووە، بەمانای هەڵگرتن، یان هەوڵدان بۆ هەڵگرتن، یان بەرگەگرتن، لەگەڵ بارودۆخەکەدا بەرگەیان گرت، یان پشتێن کە لەپشت دەبەسترێت، هەروەها هەموو شتێک کە هەڵدەگیرێت، هەڵمەت: واتە پەیام، هەروەها بەمانای هەڵگر دێت، یان بە واتای هیلاك دێت، لەڕۆیشتن بەپێ (الرازي، ١٩٨٣، صفحة ١٥٩).

هەڵمەت وەک چەمک بریتییە: لەهەوڵێکی چڕوپڕ بۆ بەردەوامی پەخشی بەردەوام، بەهەموو هۆکار و شێوازێك بۆ خستنەبەرچاو و گفتوگۆ لەسەرکردن و بەدواداچوونی بابەتێکی دیاریکراو، یان هەوڵی بەردەوامە بۆ هێنانەدیی ئامانجێك، هەڵمەتەکە لەگەڵ شتێك یان دژی شتێکی دیاریکراو بێت (عەبدول، ٢٠٠٦، صفحة ٩٦).

## هەڵمەتی هۆشیاری

چەمکی هۆشیاری: هۆشیاری چالاکییەکە بە ئامانجی چڕکردنەوەی سەرنجی کۆمەڵێکی بەرفراوان لە خەڵك لەسەر بابەتێك یان پرسێکی دیاریکراو، دەستەواژەی "هۆشیاری" لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەنێو گروپە فێمینیستەکانی ئەمریکادا باو بوو. لە ڕووی تەکنیکییەوە هۆشیاری لە ئەدەبیاتی دەروونناسیدا بە پرۆسەیەکی دەروونناسی پێناسە دەکرێت کە ناتوانرێت لە پرۆسە دەروونییەکانی دیکە جیا بکرێتەوە، وەک بیرکردنەوە و بیرهێنانەوە و هۆشیاری. کە بەکاریان دەهێنین بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە ئایا تاکێک هۆشیارە یان نا. هۆشیاری پەیوەستە بە گریمانەکانی وەک ئەزموونی تاک و توانای گرنگیدان بە شتێک (صابر، ٢٠١٠) .

پەرەپێدانی هەڵمەتی میدیایی ئامانجی سەرەکی و کۆتایی هۆشیاری گشتی بێت، وەک:

-ئامانجی گۆڕینی ڕەفتار: لەڕێگەی ڕێنماییکردنی هەڵمەتە میدیاییەکان کە ڕەفتار بەرەوپێش دەبەن لەڕێگەی بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی وەڵامە قبوڵکراوەکان، گۆڕینی ڕەفتار ئامانجیەتی ڕەفتاری قبوڵکراو زیاد بکات، ڕەفتاری نوێ دابڕێژێت بۆ فێربوون و لاوازکردنی ڕەفتاری قبوڵنەکراو .

-ئامانجی گۆڕینی هەڵوێست یان بیرۆکە: ئاسان نیە بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەڵوێستانە لە جۆری بەهێز بن، بۆیە دەبینین زۆرێک لە وڵاتان بڕە پارەیەکی یەکجار زۆر خەرج دەکەن بۆ گۆڕینی هەڵوێستی هاوڵاتیانیان لە هەڵمەتە میدیاییەکان دژی جگەرەکێشان و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و پاراستنی ژینگە یان خۆپاراستن لە هەندێک نەخۆشی و دیاردەی قێزەونی کۆمەڵایەتی، بەبێ ئەوەی سوودێکی بەرچاو لەمەوە بچنن (يرسي و و آخرون ، ٢٠٢٣، الصفحات ١٥٩-١٦٠).

پێناسەی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن جۆراوجۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر یەک شت کۆکن، ئەویش ئەوەیە هەوڵ دەدات کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵک دروست بکات، بەئاراستەکردن یان بەهێزکردنی بیرکردنەوەیان تا لەگەڵ هێڵە پێشوەختە دیاریکراوەکاندا بگونجێت (عبدالله، ٢٠٠٦، صفحة ١٦).

)ماکوایل دێنیس، (Mcquail Denisپێیوایە هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن: (هەوڵێکە لەسەر بنەمای ڕەفتاری دامەزراوەیی کە لەگەڵ ستاندارد و بەها باوەکاندا بگونجێت بە ئامانجی ئاراستەکردن و پشتگیریکردن و هاندانی هەڵوێستی گشتی بەرامبەر بە ئامانجە پەسەندکراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەک دەنگدان، کڕینی کاڵا، بەخشین و بەدەستهێنانی ئاسایشی زیاتر و تەندروستی باشتر)
(McQuail's, 2010,p. 23)

کەرەم شەلەبی پێیوایە هەڵمەتی میدیایی: هەوڵێکی چڕ و بەردەوام لە ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ بەکارهێنانی هەموو شێواز و ئامرازەکان و بوونی بابەتێکی دیاریکراو گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بەدواداچوونی بۆ بکرێت، یان هەوڵە بەردەوامەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، کەمپینەکە دەتوانێت بۆ شتێک بێت یان دژی شتێکی دیاریکراو بێت (نسیمة، ٢٠٢٠، صفحة 8).

توێژەر بەم جۆرە پێناسەی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن دەکات، کە دەتوانرێت پێناسەیەکی ورد و گشتگیر بێت بۆ هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن کە بریتییە لە چالاکیەکی پلان بۆ داڕێژراو و ڕێکخراو، پەیوەستە بە چاودێری و هەڵسەنگاندنەوە، کە لەلایەن دامەزراوە، یان گروپ یان تاکەوە ئەنجام دەدرێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، بەگەیشتن بەو ئامانجەی لەپلانەکەدا داڕێژراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن، هەڵمەت لە ناوەڕۆکدا زنجیرەیەک پەیامی میدیایی لەخۆ دەگرێت، بەشێوازی کاریگەر بۆ گەیاندنی پەیامەکە بەو توێژەی مەبەستیەتی، بۆ ڕازیکردن سەبارەت بەو بابەتەی مەبەستیەتی، چ وەک لایەنداری چ وەک دژایەتی، ئاڕاستەکردن و بە ئامانجگرتنی ئامادەبووانێکی تاڕادەیەک گەورە.

## بایەخی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن

بایەخ و گرنگی هەڵمەتە میدیاییەکان لەوەدایە کە بینەران دەکەنە ئامانج کە تایبەتمەندن بە جیاوازی و هەمەچەشنی، هەروەها گۆڕینی ڕەوت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، ئەمەش پێویستی بە هەوڵێکی بەردەوام هەیە، وەک چۆن تاک لە زۆر حاڵەتدا ڕەتیدەکاتەوە بیروبۆچوون و ڕەفتارەکانی خۆی بگۆڕێت، بەو پێیەی بیروباوەڕەکانی لە بەها و دابونەریتی کۆمەڵگاوە بەدەست هاتووە (صغیر، ٢٠٢٣، صفحة ٤). پێویستە چەند ڕەگەزێک لە هەڵمەتە میدیاییەکان هەبێت کە ئەوانیش:

-هەبوونی ئامانجێکی دیاریکراو بۆ هەڵمەتی میدیایی.

-هەڵمەتەکە ئاراستەی گروپێکی گەورە یان ئامادەبووان بکرێت.

-هەڵمەتەکە کاتێکی دیاریکراوی هەبێت.

-هەڵمەتەکە زۆر ڕێکخراو بێت چالاکیی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت( (العتیبي، ٢٠٢٠، صفحة ٥).

## ئامانجی هەڵمەتی هۆشیاری

(بوکرموش، ٢٠١٣، صفحة ٦٤).: ئامانجی هەموو کەمپەینێک بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەیە :

یەکەم/زیادکردنی هۆشیاری(ڕەهەندی مەعریفی)، دووەم/گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا (دوای هەڵمەتەکە)، سێیەم/گۆڕینی ئاراستە(ڕەهەندی ئاراستەی من)، چوارەم/گۆڕانکاری لەبیروباوەڕەکاندا (ڕەهەندی عەقیدەیی)،

ماددەی هۆشبەر: مادده هۆشبەرەکان لە کۆنەوە دەرکەوتوون، بەو پێیەی مرۆڤەکان بەکاریدەهێنن. هەندێک شوێنەواری ئەوان لە شێوەی نووسراو لەسەر دیواری پەرستگاکان یان نووسین لەسەر پاپیروسی میسری دۆزراونەتەوە. یۆنانیەکان وێنەی خەنەیان لەسەر دیواری گۆڕ و پەرستگاکان هەڵکەندووە. مانای ڕەمزی ئەم نەخشاندنانە بەپێی ئەو خوداوەندانەی کە هەڵیانگرتبوو جیاواز بوو. بۆ خوداوەندی پلۆتۆ بە مانای مردن یان خەوی هەتاهەتایی بوو (محمود، ٢٠١٧، صفحة ٧٢).

ماددەی هۆشبەر بریتییە لە هەر ماددەیەکی ڕووەکی یان دەستکرد کە توخمەکانی هیپنۆتیک، هێورکەرەوە، یان ئارامکەرەوەی تێدایە. ئەگەر بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێت جگە لەو مەبەستانەی کە مەبەستیان بووە، دەبێتە هۆی بێهێزی و سستبوونی جەستە و ئیفلیجکردنی چالاکییەکانی و دەبێتە هۆی نەخۆشی درێژخایەنی کۆئەندامی دەماری ناوەندی و کۆئەندامی هەناسەدان و کۆئەندامی سووڕی خوێن. هەروەها دەبنە هۆی حاڵەتێکی خووگرتن یان ئەوەی پێی دەوترێت "ئالوودەبوون"، کە زیانێکی زۆر بە تەندروستی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی دەگەیەنن (وزرارة الصحة المملكة السعودیة، ٢٠٢٤).

**بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر:** بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە بووەتە هەڕەشەیەکی بەرچاو لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەروەها هۆکارە بۆ زیادبوونی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر. هەروەها زیادیکردنی تاوانی کوشتنی ڕێکخراو لەو ناوچانەی کە گروپە تاوانکارییەکان ململانێ دەکەن لەسەر کۆنترۆڵکردن و دابەشکردنی مادده هۆشبەرە، هەروەها زیادبوونی چالاکییە تاوانکارییەکانی وەک دزیکردن. گەندەڵی دامەزراوەکان و نەبوونی سزا، سەروەری یاسا تێکدەدەن، سەرەڕای هەوڵدان بۆ چاکسازی لە سیستەمی دادوەریدا. زۆرجار چالاکییەکانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە ژێر پاراستنی باندە ناوخۆییەکان ئەنجام دەدرێن، کە لە ناوچە سنوورییەکانی هەر وواڵاتێک کاردەکەن. تاوانی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەری بە شێوەیەکی نایاسایي یەکێکە لەو تاوانانەی کە مایەی نیگەرانیە چونکە زۆرترین کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگاکان هەیە، لە ڕێگەی ئەو زیانانەی کە دەیگەیەنێت، چ لەسەر ئاستی تەندروستی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان گەشەپێدان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، لەو تاوانەش گواستنەوە و بەشداری کردن لە هاندان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەری نایاسایي (الدلیمی، ٢٠٢٣، صفحة ٣٦٥) .

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بازرگانەکانی ماددەی هۆشبەر ئەو ژنە تەنیایانە دەکەنە ئامانج کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵدایە و هیچ پێشینەیەکی تاوانیان نییە و بێکارن یان لە کارەکانی ئۆفیس یان لە کەرتی فرۆشتن یان خزمەتگوزاریدا کاردەکەن. گەشەسەندنی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان وەک هەر کاڵایەک بریتیە بازرگانیکردن بە بابەتێک کە دابینکردن و خواستی لەسەرە، هەروەها مادده هۆشبەرەکان لە کێڵگەکان، تاقیگەکان، یان کۆگاکاندا خواست و پێداویستی بەکارهێنەران دابین دەکەن، هەروەها چاندن، بەرهەمهێنان، بازرگانیکردن و قاچاخچێتی مادده هۆشبەرەکان قۆناغێکن وەک زنجیرەیەک پێکەوە بەندن کە دواجار دەبێتە هۆی گواستنەوە و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە پرەنسیپ و لە پراکتیکدا قۆناغەکانی لە پرۆسەیەکی بەردەوامدایە (سویف، ینایر ١٩٩٦، صفحة 12) .

## ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی ماددەی هۆشبەر

**هەماهەنگی نێودەوڵەتی** (International Cooperation) پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق هاوبەشی زیاتر بکەن لەگەڵ سازمانە نێودەوڵەتییەکان و نهادەکانی لەبارەی مادەی هۆشبەر، وەک UNODC. بەپێی ڕاپۆرتیUNODC ، کۆپەراسیۆنەکان نیشاندەری ناوەڕاستی هەڵمەتەکانی قاچاق و دروستکردنی ستراتیژی کارا دەکەن. (Albertin، 29 July 2024).

**کنترۆڵ و چاودێریکردن** (Controlled Delivery) لە دۆخی قەبارەی قاچاق، حکومەت هەڵمەتی چاودێریکردن بکات بۆ دەستگیرکردنی تۆڕی بازرگانان. لە ڕاپۆرتەکانی UNODC فەرهەنگی ئەم شێوازە پێشنیار کراوە (Karim, 2030) .

**ڕاگەیاندن و هەڵمەتی هۆشیاریی** (Awareness & Media Campaigns) بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن هەڵمەتەکانی هۆشیاری بکەن لەسەر مەترسی مادەی هۆشبەر لە ڕێگەی میدیا، سۆشیاڵ میدیا، ڤیدیۆ، کارزارە جوانەکان — بۆ هۆشیاری خێزان و کۆمەڵگە.

**دامەزراوە ئەمنی و یاساییەکان** (Law Enforcement & Legal Measures) دەزگاکانی ئاسایش و یاسایی پێویستە چالاکیەکانیان زیاد بکەن و لێکۆڵینەوە لە بازرگانان بکەن، بە شێوەیەکی پەرەپێدراوی بە یاسایی(website, 2024) .

## ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە

### *تەوەری یەکەم: ئەنجامی شیکاری توێژینەوەکە.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندنی سێ لایەنی وەک سەرچاوە بۆ سامپڵی توێژینەوە وەرگرتووە بۆ شیکاریکردنی ناوەڕۆکەکەی، کە ئەوانیش بریتین لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە داڕێژەری سیاسەتی حکومەتە، لایەنی دووەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر- دەزگای ئاسایشی گشتی، کە لایەنی بەرپرسە لە ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە و کار بۆ نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر دەکات لە هەرێمی کوردستان، لایەنی سێیەم ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، ڕێکخراوێکی نا حزبی نا حکومی ناوخۆییە کار دەکات بۆ پاراستنی منداڵ و نەوجوان.

لە خشتەی ژمارە (١)، ئاماژە دراوە بە ژمارەی ڤیدیۆ و کۆی چرکەکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی ماددەی هۆشبەر،ڤیدیۆکان بە ڕێژەی سەدی هەروەها چرکەکانیش بەڕێژەی سەدی ڕوونکراوەتەوە:

لایەنی یەکەم: فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان: کە وەك لایەنێکی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان حەوت ڤیدیۆی بەرهەمهێناوە کە دەکاتە لە ٪٣٩، هەروەها کۆی چرکەکانی ڤیدیۆکان بریتیە لە(٢٦٣) چرکە واتە٪٣٠ی کۆی چرکەکان

لایەنی دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، وەك لایەنێکی بەرپرس لەئاسایشی هەرێم هەشت ڤیدیۆی بەرهەمهێناوە کە دەکاتە٪٤٤ کۆی ڤیدیۆ وەرگیراوەکان، هەروەها کۆی چرکەکانی ڤیدیۆکان بریتییە لە(٤١٦)چرکە واتە٪٤٧ی کۆی چرکەکان.

لایەنی سێیەم: ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، ڕێکخراوێکی نا حکومی نا حزبی ناوخۆییە، سێ ڤیدیۆی بەرهەمهێناوە کەدەکاتە٪١٧، هەروەها کۆی چرکەکانی بریتیە لە(٢٠٢)چرکە، واتە٪٢٣.

کۆی گشتی ڤیدیۆکانی ئەو سێ سەرچاوەیە بریتیە لە (١٨)هەژدە ڤیدیۆی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن و ژمارەی چرکەکانی بریتیە لە (٨٨١) هەشت سەد وهەشتا و یەک چرکە، ئەم سێ لایەنە توانیویانە لەماوەی سنوری بابەتی توێژینەوەکە(١٨) ڤیدیۆ بەرهەمبهێنن، بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ئاست مەترسیەکانی ماددەی هۆشبەر، هۆشیارکردنەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کارێکی جدی و بەردەوامی دەوێت، چونکە کارکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەیەکی وەک ماددە هۆشبەرەکان پێویستی بە بنەما و پلان و ئامانجی دیاریکراو هەیە، هەروەها ئەو ڕێژەیە لە هەڵمەتی هۆشیاری بریتیە لە دڵۆپێک لە دەریایەک، ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر کاری دەستەجەمعیە پێویستی بە هەوڵی هەمەلایەنەیە، ئەوەی ئەم سێ لایەنە ئەنجامیانداوە مشتێکە لە خەروارێک و پێویستە زۆر زیاتر و لە سات و کاتی جیاجیادا هەڵمەتی هۆشیاری بە شێوەی زانستی و کاریگەرتر ئەنجامبدرێت و ئەم هەڵمەتانە پێویستیان بە بەردەوامی هەیە، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ جۆری تازە و شێوازی بەکارهێنانی تازە دێتە ئاراوە بۆیە پرۆسەی هۆشیاری پێویستە پرۆسەیەکی بەردەوام بێت.

**خشتەی (١)**

**سەرچاوەکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن**

| سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی هەڵمەتی هۆشیاری | ڤیدیۆ | ٪ | چرکە | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| فەرمانگەی میدیا و زانیاری | ٧ | ٣٩ | ٢٦٣ | ٣٠ |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان | ٨ | ٤٤ | ٤١٦ | ٤٧ |
| ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان | ٣ | ١٧ | ٢٠٢ | ٢٣ |
| کۆی گشتی | ١٨ | ١٠٠٪ | ٨٨١ | ١٠٠٪ |

**لەخشتەی ژمارە (٢) ئا**ماژە بە ئەرکی ئەو ڤیدیۆیانەی کراوە کە لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراون بەمەبەستی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر: لەڤیدیۆکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەرکی ئاگادارکردنەوە لەگەڵ هۆشیاری پەروەردەیی و ڕێنمایی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی کردەی بازرگان لەناو ڤیدیۆکاندا لەهەمان ئاستدان واتە ٪١٤، ئەمەش بەو مەبەستە دێت کە ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ئەو فەرمانگەیە هەوڵ دەدات کۆمەڵگە و خێزان بەئاگا بێت لەوەی ڕوودەدات لە دەوروبەری، واتە لە هەموو ڤیدیۆکاندا ئەو بابەتانە ڕەنگدانەوەی هەبووە کە بریتین لە ئاگاداربوون لەو بارودۆخەی کە خێزان و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام لە ڕێگەی هۆشیاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەوە ئاکامە نەرێنیەکانی ماددەی هۆشبەر دەخاتەڕوو، هەروەها نیشاندانی خراپی باری تەندروستی تێوەگلاو مەبەست لێی پێدانی ڕێنماییە لەبواری تەندروستیدا و بەئاگا بوون لەوەی کە بەسەری دێت لەڕووی ئەقڵی و جەستەییەوە، بەشێوەیەکی گشتی ڤیدیۆکان هەستاون بە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئاکامە خراپەکانی ماددە هۆشبەرەکان، هەروەها ڕێنمایی توشبوان لەئاکامی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و بەرەنگاربوونەوەی، هەروەها هۆشیاری دەرونی و ئەرکی خێزانی لە ٪١٢ لە پلەبەندی دووەمدایە کە لەڕێگەی ڤیدیۆکانەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەدات لەڕێگەی نیشاندانی تێکچوونی هۆش و نەمانی ئارامی دەرونی لە ئەنجامی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، کە پێچەوانەکەی دەرونێکی ئارامی هۆشداری دەبێت، هەروەها کاتێک ئەندامانی خێزان لەناو ڤیدیۆکاندا بەشداریان پێکراوەو ڕۆڵیان پێدراوە، نیشانی دەدات کە بەختیاری خێزان لە پێکەوەیی و تەبایی خۆشگوزەرانی دور لە ماددەی هۆشبەر، لە کۆتا پلەشدا، پلەی سێیەم ٪٦، سزای یاسایی دێت، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەکاتی سەرپێچی هەر تاکێک لەناو کۆمەڵگە ڕووبەڕووی سزای یاسایی

دەبێتەوە لە شێوەی نیشاندانی هێمایەکی وەک دەستی کەلەپچە و ئاسنی زیندان، کە ئاماژەیە بۆ کۆتایی سەرەنجامی تیوەگلان بە مادده هۆشبەرەکانە کونجی زیندانە.

**خشتەی (٢)**

**ئەرکی هەڵمەتی هۆشیاری راگەیاندن لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری**

| ئەرکی هەڵمەتی هۆشیاری راگەیاندن | فەرمانگەی میدیا و زانیاری | |
|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ |
| ئاگاداكردنەوە | ٧ | ١٤ |
| هۆشیاری پەروەردە | ٧ | ١٤ |
| ڕێنمایی تەندروستی | ٧ | ١٤ |
| كۆمەڵایەتی | ٧ | ١٤ |
| سزای یاسا | ٣ | ٦ |
| بەرەنگاربوونەوە | ٧ | ١٤ |
| هۆشیاری دەرونی | ٦ | ١٢ |
| خێزانی | ٦ | ١٢ |
| كۆی گشتی1 | ٥٠ | ١٠٠٪ |

**خشتەی ژمارە (٣)** سەبارەت بە ئەرکی ڤیدیۆکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە پلەی یەکەمدا ١٣٪، ئەرکەکانی ئاگادارکردنەوە، هۆشیاری پەروردەیی، ڕێنمایی تەندروستی، بواری کۆمەڵایەتی و هۆشیاری دەرونی و خێزانی لەهەمان ئاستن، کە مەبەست لە فرە پەیامی ڤیدیۆکانە بۆ بینەر و کۆکراوەی هۆشیاری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیی و دەرونیی و پەروەردەی خێزانی، هەروەها لە پاڵیاندا ڕێنمایی تەندروستی و هەروەها بەئاگا بوون لەوەی خۆی بپارێزێت لە تیوەگلان بە مادده هۆشبەرەکان و بازرگانیکردن پێیانەوە، بەپلەی دووەمیش١١٪، بەرەنگاربوونەوە و سزای یاسای دێن کە دوو پەیامن لە ڤیدیۆکاندا بۆ تیوەگلاو و بازرگانی ماددەی هۆشبەر کە هۆشیار ببێتەوەو سڵ بکەنەوە و دوور بکەونەوە لە ماددەی هۆشبەر تا ڕووبەڕووی سزای یاسایی نەبنەوە، هۆکاری کەمتر ئاماژەدان بە سزای یاسای بەو هۆکارەیە کە دوورکەوتنەوە لە ماددەی هۆشبەر لەڕێگەی هۆشیاریی و ڕۆشنبیرییەوە بێت نەک لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و سزای یاساییەوە.

**خشتەی(٣)**

**ئەرکی هەڵمەتی هۆشیاری راگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر**

| ئەرکی هەڵمەتی هۆشیاری راگەیاندن | بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر | |
|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ |
| ئاگاداكردنەوە | ٨ | ١٣ |
| هۆشیاری پەروەردە | ٨ | ١٣ |
| ڕێنمایی تەندروستی | ٨ | ١٣ |
| كۆمەڵایەتی | ٨ | ١٣ |
| سزای یاسا | ٧ | ١١ |
| بەرەنگاربوونەوە | ٧ | ١١ |
| هۆشیاری دەرونی | ٨ | ١٣ |
| خێزانی | ٨ | ١٣ |
| كۆی گشتی1 | ٦٢ | ١٠٠٪ |

**خشتەی(٤)** سەبارەت بە ئەرکی ڤیدیۆکانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان دەردەکەوێت کە لەکۆی هەموو ڤیدیۆکانی ئەو ڕێکخراوە ١٣،٨٪ بابەتەکانی وەك ئاگادارکردنەوە، هۆشیاری پەروردەیی و ڕێنمایی تەندروستی و بواری کۆمەڵایەتی وبەرەنگاربوونەوە و هۆشیاری دەرونی و خێزان لەیەك ئاستدان لە ڤیدیۆکاندا ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەوڵدراوە لە یەك ڤیدیۆدا هەموو پەیامەکانی وەك بەئاگایی لە تیوەگلان بە ماددەی هۆشبەر لە پاڵ هۆشیاربوون لە پەروەردەی خێزان و تەندروستی دەرونی و تەندروستی جەستە و مێشك لەئاست مەترسی تیوەگلان بە ماددەی هۆشبەر جا بازرگانیکردن بێت یان بەکارهێنان یان گواستنەوەی بێت لە ناو کۆمەڵگەدا, ئەوەی ئەم ڕێکخراوە کەمتر بایەخی پێداوە سزای یاساییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیجی کاری ڕێکخراوەیی کە لایەنە مرۆڤایەتیەکە و هۆشیاری تاك لەپێشدا ئەرکی سزادان بۆ لایەنی بەرپرس لە لێپێچینەوەی یاسایی.

**خشتەی(٤)**

**ئەرکی هەڵمەتی هۆشیاری راگەیاندن ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان**

| ئەرکی هەڵمەتی هۆشیاری راگەیاندن | ڕێكخراوی منداڵپارێزی كوردستان | |
|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ |
| ئاگاداكردنەوە | ٣ | ١٣،٨ |
| هۆشیاری پەروەردە | ٣ | ١٣،٨ |
| ڕێنمایی تەندروستی | ٣ | ١٣،٨ |
| كۆمەڵایەتی | ٣ | ١٣،٨ |
| سزای یاسا | ١ | ٣،٤ |
| بەرەنگاربوونەوە | ٣ | ١٣،٨ |
| هۆشیاری دەرونی | ٣ | ١٣،٨ |
| خێزانی | ٣ | ١٣،٨ |
| كۆی گشتی1 | ٢٢ | ١٠٠٪ |

**لەخشتەی ژمارە(٥)** تایبەت بە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەناو ڤیدیۆکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕوونی دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم ١٦٪، گرنگی زیاتر دراوە بە شێوازی ڕێنمایی دەرونی ومەترسیەکانی ئالودە بوون ولەدەستدان و بەفیڕۆچوونی سەرمایەی ماددی، کە ئەمەش سێ کۆڵەکەی گرنگی ژیانکردنن بۆ کەسی ئاسایی لەناو کۆمەڵگەدا، گرنگە تاك لە ڕووی دەرونیەوە تام لە دەرونێکی ئارام و گونجاو بکات بەبێ ئەوەی لە پشێویدا بێت پەنا ببات بۆ ماددەی هۆشبەر و تیوەگلان پێوەی جا بەکارهێنەر یان بازرگان بێت ئەوا تووشی پشێووی دەرونی و سەرگەردانی دەبێت, هەروەها سەرمایەی ماددی کۆڵەکەیەکی تری گرنگی ژیانکردنە لەناو کۆمەڵگەدا، لەبەر ئەوەی بابەتی تیوەگلان بە ماددەی هۆشبەر ئەگەر وەك بەکارهێنەر بێت ئەوا بۆی هەیە توشی تاوان و بەدرەفتاری و لادان ببێت لەپێناو بەدەستکەوتنی پارە بۆ کڕینی ماددەکە و ئەگەر وەك بازرگانیش مامەڵە بە ماددەکانەوە بکات توشی گرتن و دەستبەسەردا گرتنی سەرمایەکەی دەبێت و توشی ئیفلاس بوون دەبێت، لە پلەی دووەمی ڤیدیۆکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاریدا ١٣٪، شێوازی ڕێنمایی تەندرووستی و تێکچونی باری کۆمەڵایەتی و تێکچونی باری دەرونی و لادان لەئایین و دابونەریتی کۆمەڵگە، ڕەنگدانەوەی هەبوە لەناو ڤیدیۆکاندا چونکە بە دڵنیاییەوە ئەنجام و ئاکامی تیوەگلان بە ماددەی هۆشبەر چ وەك بەکارهێنەر یان بازرگان کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستی جەستەیی و تێکچونی دەرونی و پەراوێز بوون لەناو کۆمەڵگە و ژیانکردن لە و شوێنانەی کە کەمینەیەکی زۆر کەمی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بەخواستی خۆی یان بە بێئاگای خۆی تیوەگلاوەو بەو شێوازە دەژین و ئەو ژینگەیەی لەو ژیانە هەڵیدەبژێرن خاڵیە لە ڕێز و لە خۆشەویستی هەروەها خاڵیە لە بەهای مرۆڤایەتی و

بەهای ئاداب و ئەخلاقی. جگەلەوەش مرۆڤی تێوەگلاو داماڵراو دەبێت لە دابوونەریتی کۆمەڵگە و بنەما ئایینیەکانی کە کۆمەڵگە پێوەی پابەندن و بەئاسانی توشی لادان دەبێت لە هێڵی ڕاستی ژیانکردن و هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نامێنێت لە ناو کۆمەڵ.

**خشتەی(٥)**

**شێوازەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری**

| شێوازەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددەی هۆشبەر | فەرمانگەی میدیا و زانیاری | |
|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ |
| شێوازی ڕێنمایی تەندروستی | ٤ | ١٣ |
| شێوازی ڕێنمایی دەروونی | ٥ | ١٦ |
| شێوازی خستنەڕووی مەترسی | ٥ | ١٦ |
| بەفیرۆچوونی سەرمایەی مادی | ٥ | ١٦ |
| تێکچونی باری کۆمەڵایەتی | ٤ | ١٣ |
| تێکچونی باری دەرونی | ٤ | ١٣ |
| لادان لە ئایین و دابونەریت | ٤ | ١٣ |
| کۆی گشتی1 | ٣١ | ١٠٠٪ |

**خشتەی(٦)** تایبەت بە شێوازی خستنەڕووی ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان ١٦,٢٥٪، فۆکەس خراوەتە سەر ڕێنمایی تەندروستی و ڕێنمایی دەرونی و خستنە ڕووی مەترسییەکانی ئالودەبوون، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە وەك لایەنێکی بەرپرس لە ئاسایشی کۆمەڵگە گرنگە بۆی کە تاکەکانی کۆمەڵ لەڕووی جەستە و دەروونیەوە ساغ وتەندروست بن دوورین لە ماددەی هۆشبەر و ئالودەبوون، چونکە تەندروستی کۆمەڵگە لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوە واتە کۆمەڵگەیەکی ئارام و بەرقەراری ئاشتی و ئاسایش، لە پلەی دووەمی ڤیدیۆکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، ١٤٪، تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی و تێکچوونی باری دەرونی و لادان لە ئایین و دابونەریتی کۆمەڵگە دێت، ئەوەش بەو مانایەیە کاتێك مرۆڤ باری دەرونی تێکدەچێت کاریگەری دەبێت لەسەر بارە کۆمەڵایەتیەکەیی و توشی دابڕانی کۆمەڵایەتی دەکات و لەوێشەوە دەبێتە هۆی لادان لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و دواتر دابڕان لە پابەندە ئاینیەکانی کۆمەڵگە کە چەند بنەمایەکی بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە تێدایە وەك سیلەی رەحم و چاکەکاری و ئەمانەت و ڕێزی بەرامبەر و خۆشەویستی دایك و باوك و خێزان، لەکۆتا پلەدا ٩,٢٥٪ لەدەستدان و بەفیڕۆدانی سەرمایە، لە ڤیدیۆکاندا گرنگی پێدراوە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە مرۆڤ ئەگەر لە ڕووەکانی ترەوە ساغ و سەلیم بێت ئەوا ڕوو ناکاتە مادده هۆشبەرەکان چ وەك بازرگان چ وەك بەکارهێنەر و ئەو کات پارە و سەرمایەکانی بەفیڕۆ ناڕوات.

**خشتەی(٦)**

**شێوازەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر**

| شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر | ب. گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر | |
|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ |
| شێوازی ڕێنمایی تەندروستی | ٧ | ١٦،٢٥ |
| شێوازی ڕێنمایی دەروونی | ٧ | ١٦،٢٥ |
| شێوازی خستنەڕووی مەترسی | ٧ | ١٦،٢٥ |
| بەفیرۆچوونی سەرمایەی مادی | ٤ | ١٦،٢٥ |
| تێکچونی باری کۆمەڵایەتی | ٦ | ١٤ |
| تێکچونی باری دەرونی | ٦ | ١٤ |
| لادان لە ئایین و دابونەریت | ٦ | ١٤ |
| کۆی گشتی1 | ٤٣ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە(٧) تایبەت بە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ڤیدیۆکانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە ١٩٪، لە پلەی یەکەمدا، تێکچونی باری کۆمەڵایەتی و تێکچونی باری دەرونی و لادان لە ئایین و دابونەریتی کۆمەڵگە هاتوون، جیاواز لەگەڵ هەردوو لایەنی فەرمانگەی میدیاو زانیاری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان کە لە پلەی دووەمدا هاتوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی مەدەنی گرنگی زیاتر بەلایەنی کۆمەڵایەتیی و دەرونی دەدات و هەروەها گرنگە بۆی تاکەکانی کۆمەڵگە توشی لادان نەبن و پشت لە بەها بەرزەکانی ژیان نەکەن و توشی لادان لە ئاین و دابونەریت نەبن و وەك تاکێك و مرۆڤێك مافی ژیانکردنیان هەبێت، لە پلەی دووەمدا ١٤,٢٪، بەفیڕۆدانی سەرمایە گرنگی پێدراوە، چونکە پارە و سەرمایە لەدوای باری کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و پابەند بە یاساکانی کۆمەڵگەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ خۆشگوزەرانی و بەخشینی ئاستی دڵنیایی بە مرۆڤ و دەرچوون لە مەترسی هەژار بوون. لە پلەی سێیەمی ڤیدیۆکانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە٩,٦٪، شێوازی خستنە رووی ڤیدیۆکاندا، ڕێنمایی تەندروستی و ڕێنمایی دەرونی و مەترسیەکانی ئالودەبوون دێت، کە جیاواز لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان کە لە پلەی یەکەمدا هاتوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بۆ ڕێکخراوەکە سەرەتا بەرگرتن بە دیاردەکە دواتر نیشاندانی ئاکامە خراپەکانی.

**خشتەی (٧)**

**شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوی ماددەی هۆشبەر لە منداڵپارێزی کوردستان**

| شێوازەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددەی هۆشبەر | ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان | |
|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ |
| شێوازی ڕێنمایی تەندروستی | ٢ | ٩،٦ |
| شێوازی ڕێنمایی دەروونی | ٢ | ٩،٦ |
| شێوازی خستنەڕووی مەترسی | ٢ | ٩،٦ |
| بەفیرۆچوونی سەرمایەی مادی | ٣ | ١٤،٢ |
| تێکچونی باری کۆمەڵایەتی | ٤ | ١٩ |
| تێکچونی باری دەرونی | ٤ | ١٩ |
| لادان لە ئایین و دابونەریت | ٤ | ١٩ |
| کۆی گشتی1 | ٢١ | ١٠٠٪ |

## دەرئەنجام

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕۆڵەی کە هەڵمەتی هۆشیاریی ڕاگەیاندن دەتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان هەیبێت.ئەمانەن:

- هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر ڕۆڵی هەبێت لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی لەبارەی مەترسی ماددەی هۆشبەر، بە تایبەتی لە ناو گەنجان.
- نوسینی سیناریۆ کە لەلایەن نوسەرانی هەڵمەتەکە دەنوسرێت چونکە لەئێستادا بەشێک لە پەیامەکان لاواز دەردەکەون.
- پەیامی هۆشیاری هەڵمەتە میدیاییەکانی ئەو سێ سەچاوەیەی کە یەکێکیان لایەنێکی فەرمی حکومەتە و یەکێکیان لایەنی بەرپرسە لە ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە، لایەنەکەی تریش ڕێکخراوێکی نا حکومی نا حزبیە، شێوازی دارشتنی پەیامە هۆشیاریەکانیان جۆراوجۆر و جیاوازە بەپێی سیاسەت و ستراتیجی کار

و بەرنامەیان، بەڵام یەک ئامانج کۆیان دەکاتەوە کە ئەویش گەیاندنی پەیامی هۆشیارییە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە.

- ڕۆڵبدەن بە کەسایەتی دیاری وەکو وەرزشەوان، هونەرمەندان و بەرپرسان بە شێوەیەکی چالاک لەناو هەڵمەتە میدیاییەکان، تا کاریگەرییەکی زۆرتری دەبێت.
- هەمەئاهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری بە پەیامی یەکگرتو و شێوازی کاریگەر ئاڕاستەی هەموو تەمەن و چین و توێژەکان بکرێت.

-هاوردە نەکردن ۆ دوبلاژ نەکردنی ئەو دراما و فلمانەی کە ناوەڕۆکەکانیان بازرگانی ماددەی هۆشبەر و بەکارهێنەر دەکاتە پاڵەوان.

## پێشنیارەکان

-پێشنیار بۆ ناوەندە زاستیەکان: بۆ ناوەندە زاستیەکانی وەک زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی لە بواری هەڵمەتی هۆشیاری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە، وەک توندوتیژی خێزانی و کاریگەری جیابوونەوە و ..... .

-پێشنیار بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان: بۆ دادگا، بۆ حکومەت، بۆ ڕێکخراوە مەدەنیەکان، بۆ خێزان ، بۆ کۆمەڵگا، بۆ وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا

## ڕاسپاردەکان

- هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسیەکانی ماددەی هۆشبەر، لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی وەک: زانکۆ، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان.
- دروستکردنی دامەزراوە تایبەت بە هاوبەشی لەگەڵ میدیاکان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەسەر مەترسیەکانی ماددە هۆشبەرەکان.
- پەرەپێدانی تایبەت بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وهۆشیاری لەڕێگەی هەڵمەتە میدیاییەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکانی ماددەی هۆشبەر، هەروەها دروست کردنی چەندین ناوەندی چاکسازی بۆ چارەسەری تووشبوان بۆ ئەوەی بێنەوە ناو کۆمەڵگە.

## سەرچاوەکان


### یەکەم/کوردی

محمد، کاروان عبداللە، و نصرالدین، هەرمن شێرکۆ، ٢٠٢١، ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە هەستکردن بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەلای هاووڵاتیانی شاری سلێمانی، https://chmk.org/ku/the-role-of-social-networks-on-social-security/ سەردانیکردن لە ١٦-٧-٢٠٢٤

عەبدول, جەمال, ٢٠٠٦، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، (ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی)، چاپی یەکەم، سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە٣٦٦.

### دووەم/ عەرەبی:

يرسى، عبد الصمد، و الزهراء، معلم، ٢٠٢٣، "حملات التوعية الالكترونية ودورها في إرساء الوعي الصحي حول سرطان الثدي"، مجلة الصحة والاتصال، العدد رقم ١.

نسيمة، مقبل ، ٢٠٢٠، "حملات الاتصال العمومي"، جامعة الجزائر ٣ كلية علوم الاعلام والاتصال قسم علوم الاتصال.

عبيس، منذر محمد،٢٠٢٢، "دور الإعلام فى الحد من ظاهرة إنتشار المخدرات وتوعية أفراد المجتمع العراقى من مخاطرها"، مجلة بلاد الرافدين للعلوم الانسانية والاجتماعية مجلد٤، عدد١

صابر، لامية، ٢٠١٠، "الحملات الاعلانية في باقة MBC و دورها في التوعية الدينية للشباب"، بحث الماجستير غير منشور، جامعة الحاج الخضر-باتنة، كلية الحقوق، قسل الاعلام و الاتصال.

حسن مكاوى، ليلى السيد، ٢٠٠٣، الاتصال و نظرياته المعاصرة، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

حبيش، هاجر حلمي و آخرون، ابريل ٢٠١٩ ، "تطبيقات الصحف بالهواتف الذكية وعلاقتها بمستوى معرفة المراهقين بالأحدث الجارية، دراسة ميدانية على عينة من طلاب المرحلة الثانوية"، المجلة العلمية لكلية التربية النوعية العدد الثامن عشر ج٢.

تربان، ماجد، و أبو شنب، حسين، مايو ٢٠٠٨، "اعتماد طلبة الجامعات الفلسطينية على وسائل الإعلام الجديدة في الحصول على المعلومات أثناء الأزمات، دراسة تطبيقية على الأزمة الداخلية الفلسطينية"، بحث مقدم للمؤتمر الرابع للأكاديمية الدولية لعلوم الإعلام بعنوان وسائل الإعلام الجديدة وآفاق المستقبل، القاهرة

بوكرموش، عيسى، ٢٠١٣،"استراتيجية الاتصال في الحملات الاعلامية"، رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر٣، كلية الاعلام والاتصال-قسم الاتصال.

العتيبي، عائشة بنت مطلق بن نماى السليس، ٢٠٢٠، "دور الحملات الإعلامية السعودية في الكشف عن معالم الرحمة للإسلام"، المجلة الالكترونية الشاملة متعددة التخصصات، العدد العشرون.

الرازي، محمد بن بكربن عبدالقادر، ١٩٨٣م، مختار الصحاح، دار الرسالة-كويت.

الدماري، الصالحة محمد، و مسعود، محمد، مارس٢٠٢١، "اعتماد الجمهور الليبي على التواصل الاجتماعي كمصدر للمعلومات عن جائحة كورونا"، مجلة الإعلام والفنون، السنة األولى العدد الرابع

الدليمى، فارس احمد، ٢٠٢٣، الاتجار غيرالمشروع بالمخدرات فى القواعد القانونية الدولية، مجلة العراقية، العدد ٥٧، ج١.

إبراهيم مصطفى، وآخرون، ١٩٧٢، المعجم الوسيط، المكتبة الإسلامية للطباعة والنشر، القاهرة.

محمود، منى عبد الغفار، يوليو٢٠١٧، دور وزارة التربية والتعليم فى الوقاية من تعاطى المخدرات، وزارة التربية والتعليم، المجلة القومية لدراسات التعاطى والإدمان، المجلد الرابع عشر، العدد الثانى.

كاظم، احمد و هوله، مصطفى، ٢٠٢٤، "دور القنوات الفضائية العراقية في الحد من انتشار ظاهرة المخدرات في المجتمع"، Lark Journa، المجلد(١٦)عدد(٢)ج٢.

سويف، مصطفى، يناير ١٩٩٦،المخدرات والمجتمع، عالم المعرفة، سلسلة كتب الثقافية ٢٠٥، الكويت

بن صغير، زكريا، ٢٠١٢، "تصميم الحملات الاعلامية، قسم علوم الاعلام و الاتصال، جامعة محمد خيضر بسكرة الجزائر.

العبد الله، مي، ٢٠٠٦، الدعاية و أساليب اإلقناع، ط،١، دار النهضة العربية.

### سێیەم ئینگلیزی:

Yurtayeva, Shcherbakova Kseniya, Alona, Yevhenia Hladkova 2018, “MASS MEDIA IN COMBATING DRUG-RELATED CRIME”.

McQuail’s, Denis, 2010, Mass Communication Theory, 6th edition, British Library Cataloguing in Publication data.

Stanly J. BARAN & Dennis k. Davis (1995): Mass Communication Theory Foundations & Future ferment, Wads Wrath Publishing Company.